السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# هەرکەسێک ئەم چوار سیفەتەی تێدا بێت ئەوا بەتەواوی (مونافیقە (دووڕووە

لە عبد اللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک ئەم چوار سیفەتەی تێدا بێت ئەوا بەتەواوی مونافیقە (دووڕووە)، وهەرکەسێک یەکێک لەم سیفەتانەی تێدا بێت ئەوا سیفەتێکی مونافیقێتی تێدایە هەتاوەکو وازی لێدەهێنێت: ئەگەر قسە بکات ؛ درۆ دەکات، وئەگەر پەیمان بدات ؛ ستەم وخیانەت دەکات، وئەگەر بەڵێن بدات ؛ دەیشکێنێت، وئەگەر تووشی «ناکۆکی بێت ؛ دەمشڕ وبەدکارە.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە سەبارەت بە چوار سیفەت کە ئەگەر لە مسوڵماندا هەبن ئەوا زۆر بە مونافیقەکان -دووڕووەکان- دەچێت-؛ بەهۆی ئەم سیفەت وڕەوشتانەوە، وئەمیش ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئەم سیفەتانەیان پێوە دیار وسیمایەکی دیارە لە ڕەوشت وهەڵسوکەوتیان؛ نەك ئەوانەی جاروبار تووشی یەکێك یان هەندێك لەم سیفەتانە دەبن، ئەم سیفەتانەیش بریتین لە: یەکەم: ئەگەر قسە بکات بەئەنقەست درۆ دەکات ولە قسەکانیدا ڕاستگۆ نییە. دووەم: ئەگەر پەیمان بدات ئەوا وەفادار نابێت، وستەم لە هاوڕێکەی دەکات. سێیەم: ئەگەر بەڵێنێك بدات جێبەجێی ناکات ودەیشکێنێت. چوارەم: ئەگەر ناکۆك بێت وتووشی پێکدادان بێت لەگەڵ کەسێکدا ئەوا زۆر دەمشڕ وبەدکارە، ولە هەق وڕاستی لادەدات، ولە وەڵامدا فێڵباز وچەواشەکارە، وقسەکانی پڕە لە درۆ وپوچەڵی. نیفاق -دووڕوویی- بریتیە لە دەرخستنی پێچەوانەی ئەو شتەی لە ناخیدا دەیشارێتەوە، وئەم مانایە بوونی هەیە لە خاوەنی ئەم سیفەت وڕەوشتە ناشیرینانە، ودووڕووییەکەی دەرهەق بە ئەوانەیە کە قسەیان لەگەڵدا دەکات، وپەیمانیان پێدەدات، وسپاردە لەلای جێدەهێڵن، وناکۆکە لەگەڵیان، وبەڵێنیان پێدەدات، نەك مەبەست ئەوە بێت مونافیقە بەو مانایەی ئیسلام ئاشکرا دەکات وکوفر دەشارێتەوە، هەرکەسێك ئەم سیفەتانەی تێدا بێت؛ ئەوا سیفەتێك لە سیفەتەکانی دووڕوویی تێدایە هەتاوەکو وازی لێدەهێنێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65124

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee